**بەڵێ کەژاڵ ئەحەد زۆری بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفالکردووە**

**وەڵامێك بۆ سایە**

**نووسینی/ هەتاو**

**من نازانم سایە کێیە بەڵام هەموو کەس کەژاڵ ئەحمەد دەناسن ئەم ناسینەش لەڕێی خزمەتەکانیەوەیە بەوڵاتەکەی هەروەها بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەیی و ئینسانییەکانیەوەیە، ئەوەی تۆزێ خوێندەواریی هەبێت ئەزانێت ئەم کچە شاعیرە چی پێشکەش بەدۆزی ئەنفال کردووە ، لەو بەرنامەیەی ئەم خانمەوە دەستپێئەکەم کە لەسەرەتای دامەزرانی کەناڵی ئاسمانیی کوردساتەوە لەساڵی 2001 دا ئامادەو پێشکەش ئەکرد بەناوی (هەر ژنێ) لەدووەم ئەڵقەی بەرنامەکەیدا دیداری لەگەڵ ژنێکی پاشماوەی ئەنفالداکرد ژنەکە شوانی لادێکەیانبوو ئەیوت پێش ئەنفال خاوەنی دیوە خان بووین کەژاڵ لەو دەشتەی گەرمیان و لای مەڕەکان لەگەڵ ئەو ژنە پاشماوەی ئەنفال و شوانە لەسەر زەویی دانیشتبوو کەمن بۆخۆم یەکەمجاربوو پێشکەشکاری بەرنامەیەکی کوردیی بەوجۆرە ببینم. هەر دوابەدوای ئەم بەرنامەیەش لەو گۆشەیەیدا کە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویەکردەوە جارێکیان باسی لەگەشتێکی رۆژنامەنووسیی کردبوو کە لەگەل رۆژنامەنووس سالار باسیرەو چەند ژنێکی چالاکی گەرمیان بۆ تۆمارکردنی مەینەتییەکانی خەڵکی ئەنفال کراوی کوردستان چەند رۆژێك ژنانی ئەو ناوچەیەیان بەسەرکردۆتەوەو هەندێ لەو گەشتەی باسیرەو تیمەکەش لەکەناڵە ئاسمانییەکان لەوەختی خۆیدا پەخشکراوە.**

**بێجگە لەمانە ئەوەی بتوانێ بخوێنێتەوە ئەزانێ ئەم کچە کوردە خاوەنی شیعری بەناوبانگی (هۆلۆکۆست) ە کە ساڵی 1994 نوسیوویەتی و باس لەمەینەتیی ژنانی ئازارچەشتەی کارەساتی ئەنفال دەکات و تائێستا وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمان لەوانەزمانی نەرویجی و فارسی و عەرەبی.**

**نزیکترین نموونەش بۆ کارەدیارەکانی ئەم خانمە لەو بوارەدا ئەو راستییەیە کە رۆژنامەنووس عەبدوڵڵا کەریم مەحمود سەبارەت بە رۆڵی کەژاڵ لەبڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی 18 کچە کوردە فرۆشراوەکە بەوڵاتی میسر لەکاتی ئەنفالەکاندا**

**لە ژمارە (4099)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردەوە.ئەگەرچی زۆر ماوە کەبینووسم بەڵام وەك دەڵێن مشتێك نموونەی خەروارێکەو ئەم خانمە شاعیرەشمان پێویستی بە بەرگریی لێکردن نییە بەڵام ئەم بەبیرهێنانەوانەم بەپێویستزانی ئیتر بەم دێڕانەی قەسیدەی هۆلۆکۆست کۆتایی بەقسەکانم ئەهێنم کەدەڵێ:**

**ئەو مێژووە.....**

**توانەوەی شەکری رووناکی بوو لەناو**

**ژەهراوی تاریکستاندا**

**تەسلیم بوونی گوڵەباخ بوو بەدڕکەزێ**

**حیکایەتی سەربڕاوی میللەتێکە**

**زوو شتی لەیاد دەچێ.**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com